# بێ " نرخ کردن" لە بواری ئیش کردن لە مەلەفی ئەنفالدا

رزگار عومەر
rezgar@dengekan.com

نێوەندی ڕۆشنبیری کوردی گیرۆدەی دەردی زۆرە ،ئەم دەردانە لە هەڵس و کەوت و هەڵوێستەکاندا بە ئاراستەو ئامانجی جیاوازدا لە وەرزو مەیدانەکاندا دووبارە دەبێتەوەو خۆی تازە دەکاتەوە.یەکێ لەو نەخۆشیانەی کە جێگای سەرنجەو پەلی ڕەوانەی تەنانەت مامەڵە کردن لە گەڵ مەلەفی ئەنفالیش درێژ کردووە بریتییە لە بێ نرخ کردن ی هەوڵ و ماندوبونی دەیان کەس لە ڕابردودا کەلەسەر مەلەفی ئەنفال ئیشی جدیان کردوەو کتێب و لێکۆڵینەوەیان نووسیوەو بڵاویان کردۆتەوە. بیانوویەک کە بە زۆر زەقی ئەم" بێ نرخ " کردنە لە بەرامبەر هەوڵەکانی ڕابردوو دەیکا بە دەمامکی خەتم کردن و یەکسانی کردنیان بە سفر بریتیی یە لە "ئەکادیمی نەبوونیان " !! وکو ئەوەی قیاساتی ئەکادیمی  لە فلان زانکۆ و لە کونجی ڕۆژئاوا ،یان مەستەڕەی مەجلیسەکانی گفتوگۆ و دابەش کردنی بڕوانامەکان تاقە شوێنی لە دایک بونی حەقیقەت بێ ئیتر لەوە بترازێ هەمووی کاغەزی سپیە.

ڕەنگەبۆ بەشێک لە خوێنەران و نووسەران هەیبەتی ئەکادیمی بەس بێ بۆ ئەوەی تەسلیمی تێزەکانی یان بەرهەمەکانی ببین ،بەڵام بۆ خەڵکانێکی زۆر لە ئاستی جیاوازدا تەنانەت بۆ بەشێکیان کە ڕابردویەکی "ئەکادیمی "یان هەیە لە خودی ڕۆژئاوادا ئەکادیمی بوون ئەو موتڵەقە نیە کە کۆی هەموو ڕەهەندەکان و شێوازەکانی پۆزەتیڤ بن ،بەڵکو ووشەیەکی زۆر گشتیە چەندین ڕەهەند لە پشتیەوە هەناسە دەدەن.نیو ئەکادیمیستەکانی کوردیش لە توێژی ڕۆشنبیراندا لە گۆشەی جیاوازدا ئەم هەیبەتەیان کردۆتە وەرەقەی فشارو ڕەگەزی یەک لا کەرەوە لە هەڵسەنگاندن و مامەڵە لەگەڵ ئەنفالدا ،بۆ هەندێکیان نەبوونی ڕیفرێنسییێکی ئەکادیمی "غەیرە کورد" کێشەیەکی گەوریە نەک تەنیا بۆ بنیاتی توێژینەوەیەک بەڵکو بۆ پەیدا کردنی قورسایاکی ئەکادیمی لە بەرامبەر ئەو مامۆستایەی کە هیچ ئاشنایاتیکی لە گەل ئەو نوسەرانەی کوردو ئەو کتێبە کوردیانە نیە کە لە کوردستاندا لەسەر ئەنفال لە دوای ڕاپەرینەوە لە چاپ دراون ، بێگومان ئامادەش نیە وەکو ڕیفرێنس قبوڵیان بکە. ئەوەی ئەم مامۆستایە ناتوانێ قبوڵیان بکە مەسەلەیەکی شەخسی نیە ،بەڵکو دیاردەیەکی گشتیەو پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی بە ستراکتۆری پرۆسەی بەرهەمهێنانی ئەکادیمیەوە هەیە ، کە لە سەرەتای جەرخی نۆزدەوەو دەست پێ دەکاو تا ئەمڕۆش درێژەی هەیەو هێشتا نەیتوانیوە میسۆدی بەردەوام بونی خۆی بە تایبەتی لە بوارەکانی خوێندنی مێژوو ،سیاسەت ،کۆمەڵناسی لە میسۆدو پێویستیەکان و پاشماوەی "ڕۆژهەڵاتناسی" ئیستیشراق جیا کاتەوە.(1)

هەوڵدان و خۆ هیلاک کردنی ئەکادیمی بۆ وەرگرتنی بڕوانامەیەکی ئەکادیمی لە بواری خزمەت کردن بە دۆزی ئەنفال جێگیر کردنی ئەنفال وەکو جینۆساید کردنی کورد بێ گومان جێگای ڕێزە .بەڵام جێگای ڕێز نیە ئەگەر بێتوو ببێ بە خولیاو تموحاتێکی شەخسی کە پێ ی وابێ لە بێ نرخ کردنی هەوڵ و هیلاکی کەسانیتر، ئەو دەتوانێ ببێتە پاتریۆتێکی ئەکادیمی و فەتحی ڕێگامان بۆ بکا ، جونکە ئەو لە لێکدانەوەو تەئویل کردنا بە فەرز وەری گرتووە ناساندنی ئەنفال وەکو جینۆساید لە ئاستی نێودەوڵەتیدا کلیلەکەی وا لە گیرفانی نێوەندەکانی ئەکادیمیا دایە،بەڵام ڕاستیەکەی بە پێچەوانەوە ئەم کلیلە لە گیرفانی نێوەندەکانی ئەکادیمیا نیەو نابێ ،لە بەر یەک هۆی سادە چونکە ڕێگریەکانی بەردەمی جێگیر کردنی ئەنفال وەکو جینۆساید <u>ئەکادیمی نین بەڵکو سیاسین</u>. ڕاکێشانی بازرگانە هۆڵندیەکە لە هۆڵندا،ڕاکێشانی نەزار خەزرەجی بۆ دادگا لە دەنیمارک ،دەسکەوتی زۆر گەورەن کە بە ملیمەتریش پێویستی بە هیچ ساغ بونەوەیەکی ئەکادیمی نەبوو ،تەنیا پێویستی بە کەسانێکی کردەو ڕاستگۆ بوو.کاتێ نێوەندەکانی ئەکادیمی دەتوانن ببنە گروپی فشار بۆ بردنە پێشەوەو جێگیر کردنی ئەنفال وەکو جینۆساید کە دەسکەوتی گەورە لە بواری تێک شکاندنی بەربەستی بەرژەوەندە سیاسیەکان بە تایبەتی زلهێزەکان ی دونیا لە بەردەم ئەم کەیسە وای لە حکومەتەکانی ئەم وڵاتانە کردبێ کە گڵۆپی سەوزیان هەڵکردبێ بۆ نێوەندە ئەکادیمیەکان لە زانکۆیە ئەهلی و حکومیەکان ،ئەم گڵۆپە سەوزە بۆ کورد نەک هێشتا بۆ مەلەفی ئەنفال هەڵنەکراوە ،بەڵکو لە بەرامبەر ئەو بەرهەمە هونەریانەش کە بە شێوەیەک لە شێوەکان

تەعبیری ڕاستەوخۆی لەخولیا سیاسیەکانی کردبێ کوژاوەتەوە ، بۆ نموونە دەرهێنەری سینەمایی کاک "هونەر سەلیم "کە بە فلیمی "کیلۆمەتر زیرۆ "لە ساڵی 2005 بەشداری فێستیڤاڵی "کان" ی کرد ، لیژنەی ئەکادیمی سەرپەرشتیار تەنیا لە بەر کۆتایی فلیمەکە خەلاتیان پێ نەدا، چونکە لە کۆتایی فلیمەکە خێزانێکی کورد لە فەرەنسا بە هەواڵی ڕوخانی سەدام پەنجەرەی ماڵەکەیان دەکەنەوەو دەست دەکەن بە هات و هاواری خۆشی ،ئەم هەڵوێستە ئەکادیمیە بەراورد بکە لەگەڵ هەڵوێستی حکومەتی فەرەنسا لە سەر شەرو ناکۆکی بەرژەوندیەکانی لەگەڵ ئەمریکالە مانای ئەم گلۆپە تێدەگەی .(2)

جێگای بیر هێنانەوەیە کە لە ساڵانی ڕابردوو سەرەڕای بوونی کەم و کوڕی ،لە سەر ئەنفال چەندین کتێبی دەوڵەمەند بڵاو کراوەتەوە ،کە تەنیا وەرگێڕانیان بۆ زمانەکانی تر یەک ئەرشیفی گەورە لە زانیاری و دۆکیۆمێنت دەخاتە بەردەم هەر کەسێک کە بیەوێ ئیش لە سەر ئەم بوارە بکا ،ڕەنگە چەندین بەرهەمیتریش هەبن کە خزمەت بە هەمان مەبەست بکەن ،بەلام من تەنیا دەستم بەو کتێبانە گەیشتووە پێم وایە خزمەتێکی جاکیان کردووە:-

1- توونی مەرگ -1995

هێرشەکانی ئەنفال لە بەڵگەنامەکانی ڕژێمدا

ڕێکخستن ونووسینی- زیاد عەبدولرەحمان

2- ئەنفالی گەرمیان – 2003

لێکۆڵینەوەیەک لە هۆکارەکانی زۆری بێ سەروشوینکردنی خەڵکی گەرمیان

جاسم محەمەد عەلی

3- ئەنفالی سێ -2004

کاریگەریە کۆمەلایەتیەکانی لە سەر ژنی پاشماوەی ئەنفال

توێژینەوەیەکی مەیدانی لە هەردوو ناحیەی شۆڕش و ڕزگاری

توێژەران : هێمن باقر عەبدول- بەرهەم عومەر عەبدولا

4-ڕەشەبای ژەهرو ئەنفال – دوو بەرگ -2004

نووسین و ئامادە کردنی : عەبدولا کەریم مەحمود

* * *

سەرچاوەکان:-

1- " الاستشراق "

المعرفة .السلطة .الانشاء

ادوارد سعید

2-چاوپێکەوتنی هونەرمەند " هونەر سەلیم " لە گەڵ Kurdistan TV

ئۆگێست 2005

* * *

نووسینی تری نووسەر لەسەر ئەنفال

1-جینۆساید لە نێوان بەرژەوەند و دۆکیۆمێنتدا

2-ئایدەلۆژی ناسیۆنالیزمی عەرەب لە خیتابی ئەنفالدا